Kurdistan Parliament - Iraqi
Kurdistan - Erbil

پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق
کوردستان – هەولێر
لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە



NO:
DATE: / /

ژمارە:
ڕۆژ:

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**بابەت/ ڕاسپاردەکانی لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە**

**یەکەم//** لە هەموو بەرکانی جەنگدا (خەتی یەکەم) پێویستە سندوقی فریاگوزاری سەرەتایی هەبێت. وە لە(خەتی دووەم)ی جەنگدا کە دەکەوێتە دوایانەوە، هەموو پێداویستیە تەندروستیەکان هەبێت، کە پێکهاتبێت لە (پزیشك و کارمەندی تەندروستی و دەرمان و بەپێی پێویستی پێشمەرگە، سەیارەی فریاکەوتنی خێرا، بەپێی جیاوازی لە نێوان میحوەر و بنکەی جەبهەکاندا، هەروەها تیمی تەندروستی گەڕۆك بەردەوام سەردانیان بکات، هاوکات بۆ پاراستنی دەرمان پێویستە بەپێی ڕێنماییە تەندروستیەکان هەڵبگیرێت لە یەکە سەربازیەکاندا.

**دووەم//**

أ- دابین کردنی کلاَوی (خودە+بەرهەتاو) پێداویستی جۆراو جۆری تری کە تەندروستی پێشمەرگە دەپارێزێت، هاوکات دابینکردنی ئاو و خواردنی ستاندارد و گەیاندن لەکاتی خۆیدا، وە بوونی یەکەیەکی تایبەت بۆ چاودێری سەلامەتی ئەو خواردنانەی کە لە ڕێی کۆمەکەوە لە لایەن مەدەنیەوە دەهێنرێن بۆ پێشمەرگە و بۆ ئاوارەکان.

أ- لیژنەیەکی تایبەت لە وەزارەتی تەندروستی پێك بهێندرێت، بۆ زوو بڕیاردان لەسەر ئەو پێشمەرگە بریندارانەی کە برینەکەیان سەختە، وە چارەسەریان لە دەرەوەی وولاَتە، وە زوو ڕەوانە کردنیان ئەگەر پێویست بوو.

**سێیەم//**

-کردنەوەو دامەزراندنی نەخۆشخانەیەکی تایبەتی سەربازی، بە هەموو پێویستیەکانەوە و جیاکردنەوەی لە نەخۆشخانەکانی مەدەنی، وە هەروەها پێدانی دەرماڵەیەکی تایبەت یان سوپاس و پێزانین بۆ ئەو پزیشك و کارمەند و شۆفێری ئەمبولانسانەی لەبەرەکانی جەنگدا خزمەت دەکەن یاخود کردوویانە

**چوارەم//**

أ- پێویتسە پەلە بکرێت لە دابین کردنی تیمەکانی چارەسەری نەخۆشیەکانی دەروونی و مێشکی چونکە سایکۆلۆجی ئاوارەکان لە ئاستێکی زۆر خراپدایە.

ب- دابین کردنی ماکوتە(کوتان) لەسەرچاوەی جیهانی باوەڕپێکراو، دەست پێکردنی کوتانی جۆراو جۆر بۆ ئاوارەکان، بەتایبەتی مناڵەکان بۆ ڕێگەگرتن لە بلاْوکردنەوەی نەخۆشی.

ج- دامەزراندنی چەند پزیشك و کارمەندێکی تەندروستی و زیاد کردنی ژمارەی ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنی خێرا، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشایەی کە ئێستا هەیە، لە بواری تەندروستی لەناو یەکە سەربازی و ئاوارەکاندا. هاوکات داوا لە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بکرێت، بۆ هاوکاری پێداویستی یە تەندروستیەکان بە تایبەت ( دەرمان)، وە بەتایبەت بۆ پاریزگای دهۆك کە زۆرترینی ڕێژەی ئاوارەکانی لێیە.

**پێنجەم//**

أ- پێویستە پەلە بکرێت لە دروست کردنی کەمپی ستانداردا تایبەت بە ئاوارەکان، بە هەموو پێداویستیەکانەوە بۆ دڵنیابوون لە پاکی ئاوی خواردنەوە و هەبوونی گەرماو (W.C) ئاوەڕۆ بۆ فرێدانی پاشەڕۆی مرۆیی و نامرۆیی، بۆ ڕێگە گرتن لە بلاْوبوونەوەی نەخۆشی.

ب- دابینکردنی بنکەی تەندروستی مەیدانی کاتی، لەناو کەمپی ئاوارەکاندا کە هەموو ئاسانکارییەکی تەندروستی تێدابێت، وەکو پشکنین و چارەسەر و نەشتەرگەری وە

**سەردانی بەردەوامی تیمی تەندروستی گەڕۆك، هەروەها پێدانی ڕێنمایی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تەندروستی و ژینگەیی بە ئاوارەکان.**

**لەگەڵ ریزدا......**

**لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە**